# تەوەرێک لە سەر نەخۆشیەکانی گوورچیلە-Nephrotic disease
## بەشی هەشتەم

گولاڵە

پشدەری



Qualified Nurse

پێرست

1- گوورچیلەکانت زۆر گرنگن بۆ ژیان
2- گوورچیلەکانت چۆن کار ئە کەن؟
3- توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی گوورچیلەکان
4- گوورچیلەکان و بەرز بوونی پەستانی خوێن- Hypertension
5- گوورچیلەکان و نەخۆشی شەکرەی خوێن- Diabetes
6- گوورچیلەکان، نەخۆشی گوورچیلەکان و تووانای زاوزێ- Fertility
7- کێشەی ویراسی بلۆقە کان-کیسەکانی گوورچیلە - Genetic Kidney Cysts
8- بەردی گوورچیلە- Kidney Stone
9- التهابی ڕێگای میز-Cystitis Inflammation&Urethritis Inflammation
10- التهابی بەشی پاڵاوگەی(فیلتەری) گوورچیلە- Glomerulonephritis
11- غودەی گوورچیلە-Kidney tumor
12- کەمتر کارکردنی درێژخایەنی گوورچیلە- Chronic Renal failure / kidney failure
13- پاڵاوتنی خوێن-Dyalese
14- گۆڕینی گوورچیلە- Kidney Transplantation
15- سەرچاوەکان

## بەشی هەشتەم

بەردی گوورچیلە، زۆر خەڵک تووشی دەبن و هەندێک جار زۆر بە ئێش و ئازارە نەخۆشی بەردی گوورچیلە زۆر پێش دێت، بەڵام مەرج نیە ئازاری هەبێت.
هەندێک جار هۆکارن بۆ ئێش و ئازارێکی یەکجار بە هێز. ئەگەر مرۆڤ دوای چەند جارێک ئێش و ئازاری بە هۆی بەردی گوورچیلە هەبوو ئەوە پێویستە توێژینەوەی بۆ بکرێت.

**لێرەدا باس لە چۆنییەتی پەیدابوون،چارەسەری و چۆنییەتی بەرگری لە پەیدابوونی بەردی گوورچیلە دەکەین.**

 

## پەیدابوونی بەردی گوورچیلە

بەردی گوورچیلە پێکدێت لە ڕێژەیە کی زۆر لە کریستاڵی زۆر بچووک کە لە ناو میزدا درووست دەبن.

میز بە شێوەیەکی گشتی  هەندێک مادە پێکهاتە بە خۆیەوە دەگرێت کە دەبێت فرێبدرێنە دەرەوەی لەش وەک: مێتابۆلی بەرهەمی پاشماوەکان،خوێی زیادە، مادەکانی ژەهراوی، ئەوە مادە پاشکۆیانەی تر.

جاری وایە ئەوە دەبێتە هۆی کە لەخۆڕای/لە ناکاو نەتوانێت خوێ وورد بکات لە ناو گوورچیلەدا.

پرۆسەی کریستاڵەکردن بە هۆی هەندیک مادەپێکهاتەی ناو میزدا ڕادەوەستێت ئەو مادانە: ترشی-  Citric acid و

پرۆتین Protein و شەکرەکانن-Carbohydrate .

کەس ناتوانێت بە تەواوی لە درووستبوونی کریستاڵەکان بەرگری بکات.

بەردی گوورچیلە لە کاتێکدا درووست دەبێت کە ئەو کریستاڵانە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ناو گوورچیلەدا دەمێننەوە.

## ئازاربە هۆی بەردی گوورچیلە( Colic )

بەردەکانی گوورچیلە زیاتر لە ناو حەوزی گرووچیلە دا دەبیندرێن، ئەوە شوێنێکە کە میز پێش ئەوەی کە بە ڕێگای  بۆریەکانی مێز هی ناو زگدا ureters بڕواتە ناو میزڵدان  لەوێدا کۆدەبێتەوە. بەردە بچووکەکان خۆیان بێکێشە دێنە خووارێ لە گەڵ میزدا.

ئازاری یەکجار  زۆر بە هۆی بەردی گوورچیلە لە کاتێکدا ڕووی دەدات کە بەردێکی گەورە لە حەوزی گوورچیلەوە بێتە ناو بۆڕی گوورچیلەکانەوە و لەوێدا بمێنێتەوە.

به هۆی ئەم کێشەوە میز ناتوانێت بە پەنای بەردەکەدا تێپەڕ بێت و بەم شێوەیە میز لە پاش بەردەکە دەمێنێتەوە.ئەوەش ئازارێکی یەکجار بەهێز لە کەلەکەکان /تەنیشتەکان بەدوواوەیە و ئازارەکە دەڕوات بۆ لای سنووری سەرەتایی ڕان و کۆتایی ژێر زگ ، پشت و بەرەبەرە دەڕوات بۆ لای ئۆرگانەکانی جنسی مرۆڤ.
هەندێک کەس تووشی ئەم کێشانە دەبن وەک: دڵتێکهەڵاتن،ڕشانەوە،ئارەقەکردن، زگ ئاوسان،زوو زوو میزکردن.
زیان گەیشتن بە گوورچیلە و یان بۆڕیەکانی میزهێنەری ناو زگ( Ureters ) ، بە هۆی بەردی گوورچیلە ، لەوانەیە خوێن لە گەڵ میز لە دەست بدیترێت هێرشی ئازارێکی یەکجار زۆر نەخۆش پەرێشان دەکات. ئینجا بۆیە نەخۆش هەست بە دڵ تێکهەڵاتن دەکات.

**توێژینەوە لە نەخۆشخانە**

لە ئەوروپا نەخۆشەکانی گوورچیلە دووای سەردانیان لە بەشی فریاگوزاری( Emergency ) و یان لە لایەن پزیشکی خانەوادەوە دەنێردرێت بۆ نەخۆشخانە . لە نەخۆشخانە دا پزیشکی تایبەت دەستنیشان دەکات چ جۆرە بەردێکی هەیە و لە کوێدایە.
لێرە زانیاری وەردەگیرێت لە بارەی شێوەی ژیان و خووی خۆراکی نەخۆش و یان کێشەی تری تەندروستی کە لە وانەیە
پەیوەندی هەبێت لە گەڵ ئەم نەخۆشییە وەک: هەو کردنی میزڵدان بۆ ماوەی دوور و درێژ و یان التهابی ڕیخۆڵەکان.
ئەم زانیارییە زۆر جار بە شێوەیەکی باش ڕوونکردنەوەیەک دەدەن بە پزیشک لە بارەی **چۆنییەتی بەردی** گوورچیلە.لە لە دواییدا بە Rontgenfoto /Echography دەتواندرێت بەردەکە بە **وێنەی زیندوو** نیشان بدرێت.هاوکات کە بەردەکە بیندرا ئەوە شێوەی پێکهاتەی بەردەکەش (ترکیب) دیار دەکرێت. هەروەها **خوێن دەخرێتە ژێر توێژینەوە** و لە ناو **میزیشدا دەگەڕێن بۆ ئەگەری هەبوونی خانەکانی خوێن**-bloodcells **و ئەگەری هەبوونی باکتریاکان**.
هەندیک توێژینەوە ی تر هەیە کە کاتێک ئەنجام دەدرێن کە درووستبوونی بەردی گوورچیلە دووبارە بێتەوە.

**چارەسەری**

بۆ چارەسەرکردنی ئازاری گوورچیلە بە هۆی بەرد- Colic = ئازارەکە بە دەرمانی **ئازارشکێنەکان** کە هەروەها کاریگەری شلکردنەوەی ماسوولکەکانی ڕێگاکانی میزیشیان هەبێت دەکرێت.
ئەگەر بێتوو بەردەکە گەورە بوو و نەیتوانی بە ڕێگای ئاسای لەش بەجێ بهێڵێت ئەوە دەبێت بەردەکە **وورد بکرێت** واتا
Lithotripsie دەکرێت.



ئەم ئامێرەی ووردکردنی بەردیگوورچیلە هەندێک مەوجی ڕاچێنەری بەهێز بەرهەم دەهێنێت کە ئەم بەرهەمە یەکسەر دەخاتە سەر شوێنی گوورچیلە بە تایبەتی لە ئەم بەشەی کە بەردەکەی لێیە و پێویستە .
دوای کە بەردەکە وورد بوو، ئەوە نەخۆش لە گەڵ میزدا فڕێی دەداتە دەرەوە.
ئەم شێوە چارەسەرییە لە نەخۆشخانە و بە سڕکردنی شوێنیی (ڕێک شوێنی گوورچیلە) دەکریت.
بۆ چارەسەری بەردی زۆر گەورە یان،زۆر ڕەق یان بە پێچەوانە بەردی زۆر نەرم/ناسک چارەسەری بەم ئامێرە کەمتر دەکرێت.
لە ئەم جۆرە کێشەیەدا بەردەکە بە شێوەیەکی تر دەردەهێنرێت. یەکێک لەم مێتۆدانە مێتۆدی: Percutaan لە ڕێگای پێستی زگەوە.
پزیشک دەزییەکی ناوبەتاڵ لە حەوزی گوورچیلە ڕادەکات.ئەمە دوای سڕکردن ئەنجام دەدرێت.ئینجا بە ڕێگای کوونی ئەم دەرزییە پزیشک داوێک/تەلێکی نەرم دەباتە ژوورەوە کە بتوانێت بەردی ناو گوورچیلەی پێوە هەڵگرێت و ڕایبکێشێتە دەرەوە و یان بە کووتان بیهاڕێت/ووردی بکات، هەندێک جار بە تیشکی لیزەر ئەم چارەسەرییە دەکرێت.
بە گوێرەی ئەوەی کە بەردەکە لە کوێی دایە ئەوە هەندێک لەم پرۆسەیانە لە ڕێگای بۆڕی میزیشەوە ئەنجام دەدرێت.
هەندێک جاریش روو دەدات کە بەردەکە تەنیا بە ئەنجامی نەشتەرگەری دەربهێنن و لە ژێر بێهۆشی تەواو دا.







Percutan kidney operation

Retrogradeureterscopie

شێوە تەکنیکێکە بۆ لێکۆڵینەوەی شێوەیەک لە نەشتەرگەری
گوورچیلەکان
ڕێگاکانی میز

**بەرگری/پاراست**

زۆربەی بەردەکانی گوورچیلە بەشێکی زۆر لە پێکهاتەکەیان پێکهاتووە لە Calicum-natrium.
بۆ بەرگریکردن لە دووبارە درووستبوونی بەردی گوورچیلە لە یەکەم قۆناغدا ئامۆژگاری کردن لە سەر شێوازی خۆراک و پارێزە. مەبەست ئەوەیە کە بەرگری لە پەیدابوونی کریستاڵەکان لە ناو گوورچیلەدا بکرێت.لە کاتێکدا دەرمان پێشنیار دەکرێن کە پارێز کردن وەک پێویست کاریگەری ئەرینی نەبێت.
جۆرێکی تری ئازارەکانی بە هۆی بەرد وەکو: بەردەکانی کە هۆکارن بۆ هەو کردن(چڵکگرتوو)، بەردی ترشی ناو میز و بەردی Cystine ، کە ئەوانە شێوەچارەسەرییەکی تریان دەوێت.

جۆری بەردی خۆراک و کالیسیۆم -Food end calcium stone
یەکێک لە هۆکارە زۆر بە کێشەکەی هی پەیدابوونی بەردە گوورچیلەکان کە کالیسیۆمی زۆرە مادەی: Oxalate کە جۆرێکە لە خوێیە کان.

هەندێک جۆر لە بەردەکاکی گوورچیلە













.

Kidneystone یان بەردی گوورچیلە لە هۆڵەندا ئەو ڕێژەیەی هەیە:

Calcuimstone 80%

Infectionstone 11%

Gout-stone 3%

Cystinestone 1%

Remainder/Rest 5%

بەردەکانی کە Calciumoxalatenatruim تێدایە زۆر بە دژواری تێکەل (حل) دەبن. لە ڕابردوودا ئامۆژگاری دەکرا کە خەڵک کەمتر خۆراک وەک شیر و پێکهاتەکانی شیر بەکار بێنن(لبنییات).
لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە وڵاتەیەکگرتووەکاندا کراوە و پێشانیان داوە کە ئەم نەخۆشانەی کە بەرزترین ڕێژەی کالسیۆمیان لە خۆراکدا هەیە، کەمتر سەرلە نوێ لە ناو گوورچیلەیاندا بەرد درووست دەبێتەوە. سەلماندنی ئەم بیر و بۆچوونە ئەوەیە کە کالسیۆم لە ناو ڕیخۆڵەدا بەستنەوەیە ک درووست دەکات لە گەڵ مادەی Oxalate کە بە هۆی ئەوە ڕێژە کەی Oxalate کەمتر دەبێتەوە بۆ چوونی بۆ ناو خوێن و ئینجا بەم شیوەیە مادەی oxalate کەمتر دێتە ناو میز. تەنیا ئەم نەخۆشانەی کە بە ڕێژەیەکی زۆر کالسیۆم لە خۆراک وەردەگرن و سەلمێندرابێت ئەوە ئامۆژگاری دەکرێن بۆ کەمتر کردنەوەی خواردنی ئەم خۆراکانەی کە مادەپێکهاتەی کالسیۆمیان زۆرە.
نە خۆشە کانی کە کێشەی بەردی گوورچیلەیان هەیە ئامۆژگاری دەکرێن کە زیاتر ئاو بخۆنەوە (2-3 لیتر ڕۆژانە) بۆ ئەوەی میز ڕوون بێتەوە و میزەڕۆیان باشتر بشۆرێتەوە.
دووای ژەم کردن و بە شەوان میز خەستترە و ئەگەری زیاترە کە کریستاڵ دروووست ببێت. ئینجا باشتر وایە کە بە تایبەتی لەم حالەتەدا شتی ئاوەکی بخورێتەوە.
**خوواردنەوە بە سوودەکان:**
ئاو بۆری،ئاوی مینەراڵ،شەربەتی بێشەکر و شەربەتەکانی میوە.
شەربەتەکانی میوە زۆر بە سوودن چۆنکە هەنذیک مادەی بە سوودیان تێدایە وەک؛ کالیۆم و ترشی کە بەرگری لە درووستبوونی کریستاڵەکان دەکەن.
**خوواردنەوەکانی کە کەمتر بە سوودن وەک؛** چای و کۆلا لەبەر ئەوەی کە ئەم خوواردنەوانە ڕێژەیەکی بەرزیان هەیە لە مادەی Oxalate ، کە ئەوە درووست کردنی کریستالەکان لە گوورچیلەدا ئاسان دەکات.
مادەی Cafeïne &alcohol ،کافەیین کە لە کۆلا و قاوەدا زۆرە و ئەلکوحول ئەگەر بە زیادەڕەوی بەکار بهێندرێن ئەوە هۆکارن بۆ لە دەستدانی مادەی کالسیۆم لە لەشدا.
**خوواردنەوەکانی تر وەک:** لیمۆترش و پرتەقاڵ و لەم جۆرە شەربەت و میوەکان ئامۆژگاری دەکرێت بۆ بەکارهێنانیان.

نەخۆشەکانی کە کێشەی بەردیگوورچیلەیان هەیە ئەتوانن بە بێ کێشە Vitamin C بە کار بهێنن(تا 4 گرام ڕۆژانە).
لە **بەکار هێنانی خوێی** چێشتخانە باشترە پارێز بکرێت، چۆنکە خوێ دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ لە دەستدانی کالسیۆم لە میزدا.
**خواردنی گۆشت** باشتر وایە نەکەم نە زیاد بێت( تا 150 گرام ڕۆژانە)، چۆن هەزمکردنی ئەو پرۆتیینەی کە لە ئاژەڵەوە وەردەگیرێت هۆکارێکە بۆ کاریگەری هەبوونی لە سەر لە دەستدانی کالسیۆم بەڵام ترشی بە پێچەوانە کەمتری دەکاتەوە.

## دەرمانەکان

هەندێک تێکچوون و گۆرانکاری دەتواندرێت بە دەرمان چارەسەر بکرێن.بەم شێوەیە دەتواندرێت کەمبوونەوەی لەدەستدانی مادەی ترشی Citric acid لەش و یان زیادەلەدەستدانی مادەی Calcium لە لەشدا نۆژەن بکرێتەوە بە
.Kaliumcitricacid / sodiumbicarbonate
هەروەها بە ڕێگای دەرمانەکانی Thiazides وە دەتواندریت لە دەستدانی کالسیۆم لە میزدا کەمتر بکرێتەوە.
لە دەستدانی ترشی میز بە دەرمانی allopurinol چارەسەر دەکرێت.
لە بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە نیشاندراوە کە تا ڕادەیەک بەرگرن لە دووبارە بوونەوەی درووستبوونی بەردی گوورچیلە.


سەرچاوەکان:
ک/ U en Uw Gezondheid نووسینی drs. Luc De Vries & drs. Sandra Schrooyen
www.nierstichting.nl
www.wikipedia.nl
www.gezondheid.be
www.cm.be/nl



gulala pshdery
Nederland
July 20, 2007
Goli-67@hotmail.com